دێڕەی لاپەڕە ٣

پێناسەیەکی نوێ لە سیاسەتکردن و خەباتی مافخوازیی گەلی کورد بخاتە بەردەم کۆمەڵگەی کوردستان لە ئێران و خوێندنەوەکانی لە سیاسەت و هاوکێشە ناوچەییەکان، خوێندنەوەیەکی واقیعگرایانە و ڕاستەقینەیی بێت.

جیاواز لە بەستێنە کلتووری و سیاسییەکانی جیهان و سەدەی بیست و یەکەم، بەستێنێکی تر کە پێویستیی دامەزراندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستانی هێناوەتە ئاراوە لە دوو ڕەهەندی ناوخۆیی ئێران و کوردستانەوەیە، گەلی کورد لە ئێران بەرامبەر بە دوو جۆر دەسەڵاتی سیاسیی تەواو پێچەوانەی یەک، خەباتی کردووە، لە ماوەی چەندین دەیە خەباتی سیاسیی گەلی کوردستان، دوو ڕژیمی سیاسی، ئێرانیان بە دەستەوە بووە کە هەرکام لەم دوو دەسەڵاتە تایبەتمەندیی خۆیانیان هەبوو چ وەک جیهانبینی و شێوەی دەسەڵاتداری و حکوومەتداری، چ وەک سیاستی دەرەوەیی و جیهانبینیی سیاستە جیهانییەکانی خۆیان، ڕژیمی پاشایەتی وەک کاراکتەرێکی ناوچەیی و جیهانی و کۆماری ئیسلامیش بە هەمان شیوە و زیاتر لە ڕژیمی پاشایەتی، ئەو ڕژیمانە بوون کە کورد دەستەو یەخەبووە لە گەڵیان بۆ بە دەست هێنانی مافە ڕەواکانی.

لە ئێستادا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتی سیاسی حاکم لە ئێران، تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بن کاریگەریی ئەو تایبەتمەندییەی دەسەڵاتی سیاسی ئێران، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کلتووریی بە سەردا هاتووە کە هاوکات بووە لە گەڵ گەشە جیهانییەکانی تری هزری سەردەم و نوێبوونەوە و پەیوەندییە جۆراوجۆرە کلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکان لە ژێر سێبەری زانیاری و تەکنۆلۆژیا کە بە بەکارهێنانی تۆڕە ئەلکتروونیەکان، کە کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەی دوو سێ دەیەی پێشووتر نەبێت و لە هەمانکاتیشدا هزری سیاسیی خەڵک لە بن جەمسەربەندیەکانی جیهانی پێشووتردا نەبێت، گۆڕانکارییەکانی ئێران و کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، بەستێنێکی تری هێنابووە ئاراوە کە پێویستی بە نوێ بوونەوەی ڕێکخستنە سیاسییەکانی هەبوو کە خەباتی ئەو ڕێکخستنە لە بن کاریگەریی گۆڕانکاریەکان، ڕێگاچارەی نوێی پێ بێت بۆ ڕزگار کردنی کۆمەڵگەی کوردستان و گەلی کورد لە ئێران، بە میتۆدی نوێی خەبات و تێکۆشان بۆ پەرچدانەوەی سیاستە داگیرکارییە بەڕۆژکراوەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە پێویست دەکات ەێرە سیاسیەکان بە شێوەی نوێ و بە مکانیزمی تازەتر و سەردەمیانە تر و بە هزر و لێکدانەوەی نوێوە بە گژ سیاستە داگیرکارییەکاندا بچنەوە.

کۆی ئەم گۆڕانکاری و بەستێنانە و هەروەها چۆڵبوونی پانتاییەکی فراوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هێزی سیاسی و حیزبەکان، بەستێنێکی پێویستی دروست کردبوو کە بەشێک لەو پانتاییە چۆڵە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تێیدا بێ بەربەست، ئاسیمیلاسیۆنی کوردی دەکرد، هێزێکی سیاسی نوێ و گەنج خۆی تێدا ڕێکبخات، یەکێتیی دیموکراتی کوردستان لەو بەستێنەدا هاتووەتە نێو گۆڕەپانی سیاسیی و خەباتی مافخوازیی نەتەوەی کورد لە ناوچەکە، کە هاوکار و پشتیوان و هاودەنگ لە گەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی نێو گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی کورد و چین و تویژە جیاوازەکانی کوردستان و ئێران، بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران خەبات بکات و دریژە بە خەباتی هەژاران و مافخوراوانی کۆمەڵگە ئیران و کوردستان بدرێت بە هێز و وزە و تێبینی و ڕوانگەی نوێ و میتۆدی نوێی چالاکی و ڕێکخستن .

فەلسەفەی وجوودیی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان

پێش هەموو شتێک دەبێ ئەوە ڕوون بێت کە مرۆڤ چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵ خاوەن هزر و ئایدیا و بۆچوون و ڕوانگەی تایبەت و جۆراوجۆرە. بە تێپەڕبوونی زەمەن و گۆڕینی جێگە و ژینگە و پلە و چین و تویژی تاکەکان و کۆمەڵگە، هزر و بۆچوون و ئایدیا و زانست و ئەزموونەکانیشی گۆڕینی بەسەردا دێت، لە زۆر قۆناغدا بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموون یان هەبوونی پاڵنەرێک بۆ گۆڕینی ڕەوتی ژیان، ڕەوتی هزر و بیرکردنەوەیش دەگۆڕدرێت، زۆر جاریش بیر و باوەڕی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵ، دژایەتیان لە گەڵ یەکتر هەیە و قۆناغی دواتر پێجەوانەی هزرین و تێفکرین و لێڕوانینی قۆناغی پێشووترە. ئەو شێوازە لە گۆڕینی هزر و ڕوانگە، شتێکی سروشتیە و تایبەتە بە مرۆڤ، مرۆڤەکانیش بە شێوەیەکی سروشتی وەک یەک بیر ناکەنەوە وەک یەک لە ڕەوتی ڕووداوەکان ناڕوانن و هەر تاکێک و کۆمەڵێک خاوەن ڕوانگە و بیر و بۆچوونی خۆیەیانن. لەم دەلاقەوە ڕوانین بۆ ڕەوتی گۆڕانکاریی فیکری و ئەندێشە و بۆچوون، ئاسانکاری دەکات بۆ تیگەیشتن لە ڕەوتی ژیان کە بە شێوەیەکی سروشتی، بەردەوام و هەمیشە لە گۆڕان دایە. گۆڕانی بەردەوامی هزر و ئایدیا و بەرهەمە زانستی و کەرەستەیی و پێشەسازییەکانی مرۆڤ، قۆناغە میژوویییەکان دەگۆڕێت. بە گۆڕینی قۆناغە میژوویییەکان، داخوازییەکان و چاوەڕوانیەکان و تێگەیشتنەکانیش دەگۆڕدرێن کە پێویست بە دیزاینی نوێی ڕێکخستنە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووریەکان دەکات کە ولامدەرەوەی پێویستییە زەمەنی و هاوچەرخەکانی مرۆڤ بێت.

دوای ئەوەی کە مرۆڤ توانی ئاگر بکاتەوە و کشتووکاڵ بکات و کەرەستەی کشتووکاڵ بەرهەم بهێنێت بۆ ماوەی چەند هزار ساڵ بە بێ گۆڕانکارییەکی جیدی مایەوە، شۆڕشی پیشەسازیی قۆناغێکی گرینگ و چارەنووسساز بوو بۆ مرۆڤ کە لە دوای سەدەی حەڤدەی زایینی بە دواوە و لەم چەند سەدەیەی دواییدا ڕوویداوە، بە دەستپێکردنی شۆڕشی پیشەسازی و مۆدێرنیزە بوونی کەرەستەی ژیان و کار، هزری مرۆڤیش گۆڕانکاریی فراوان و بنەڕەتیی بە خۆیەوە بینیوە، ستراکتۆرە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی کۆمەڵگە، ڕەوالەت و ڕەنگ و کلتووریکی تایبەتی بە ژیانی مرۆڤەکان بەخشی و لە سەر چوارچێوەی شۆڕشی پیشەسازی، هزری دەسەڵاتداریەتیش گۆڕانکاریی فراوانی بەسەردا هات کە بە بەراورد بە هزر و هێزی دەسەڵاتداریی پێشووتری ولاتان و دەوڵەتەکان، دڕندەیی و هۆقانەییەکی فراوانتری بەکارهێنا بۆ شۆڕکردنەوەی بڕیارە سیاسی و ئابووریەکانی کە مەبەست لێیان یەکدەست کردن و هاوئاهەنگ و یەک شوناس کردنی کۆمەڵگەکانی بن حووکمیان بوو. ئەنجامی بەکارهێنانی هزر و هێزی دەسەڵاتداریتیی دوای شۆڕشی پیشەسازیی، چەندین شەڕی گەورەی جیهانی و ناوچەیی بوو کە چەخماخەی هەڵگیرسانی ئەو شەڕانە، هزر و فیکر و ئایدئۆلۆژیای تایبەت بە سەردەمی پیشەسازی و نوێگەرایی بوو کە کۆمەڵگە مرۆییەکانی تووشی چاوچنۆکیی کۆکردنەوەی کەرەستە و پارە کردبوو، بۆ تێرکردنی حەز و چاوچنۆکییەکانی، پەنای بردووەتە بەر هزر و ئایدیای فاشیستی و شوینیزم بۆ دامەزراننی دەوڵەت-نەتەوە و پەرە پێدانی خەیاڵە ئەمپریالیستی و داگیرکارییە جیهانییەکانی و کۆسمۆپۆلیتیک کردنی سەرمایە و قازانج بە تێچووی بەها مرۆییەکان و کۆیلە کردنی مرۆڤ و داگیرکردنی نیشتمان و وڵاتی نەتەوەکانی دیکە کە لە سەر باوەڕ بە ژیانی بێسنوور و ناشتیانە هیچ هەوڵێکیان بۆ داگیرکاری و سنوور نەخشاندن نەبوو، نەتەوەی کورد، نمونەیەکی زیندووی ئەو جۆرە نەتەوانە بووە کە لە سەر باوەڕ نەبوونی بە سنووری دەستکرد هەوڵی سەپاندنی دەسەڵات و بڵاو کردنەوەی هزری فاشیستەتی نەداوە کە کارەساتی مرۆڤی بخولقێنێت .

کارەساتە مرۆییەکان بە دەستپێکردنی چارەکی یەکەمی سەدەی بیست و لە شەڕی جیهانی یەکەم خۆی بۆ جیهانیان نمایش کرد کە هیچ بەهایەک بۆ مرۆڤ نەمایەوە، جیاواز لە ئەو هەموو تاوانەی کە دژ بە کۆمەڵگەی مرۆیی بە گشتی کرا، بێرەوشتترین و قیزەونترین کلۆنیالیست و ئەمێریالیست بەشکردنێک کە لە ئاستی جیهانی کرا، پارچە کردنی کوردستان و دابەشکردنی لە سەر چەندین دەوڵەت-نەتەوەی ناوچەکە بوو، کە بۆ گەلی کورد بە تێچوویەکی زۆرە تا هەنووکە لە بن سێبەری کارەساتەکانیدا ماوەتەوە کە سەرەڕای ئەوەی کە سەدەیەک بە سەر ئەو ڕەوشەدا تێپەڕیووە بەڵام لە هەمان دۆخدا هێشتوویانەتەوە و پێش بە گۆڕانکارییەکانی گەلی کوردیش گیراوە کە ویستوویەتی بە ئیرادەی خۆی دروستی بکات، ئەو ئیرادەیەی کە گەلی کورد هەیبووە زیاتر لە سەدەیەک بەرخۆدان و کۆڵنەدانی هەبوو بەرامبەر بە ئەو ئایدیا و هزرە دەسەڵاتداریەی کە وەک کەرەستە مادی و قازانجی سەرمایە و وزەی سەربازی و کۆیلەی کار و هیزی سەرکوت چاوی لە مرۆڤ کردووە و دەوڵەتانی ناوچەکە، تایبەت ئەوانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە، وەک نوێنەری هێزە جیهانیەکان و نوێنەر و پراکتیزەکەری ئایدئۆلۆژیای سیاسی و ئابووریی جیهانگیری و ئەمپریالیستییەکان دەرکەوتوون. ولاتانی داگیرکەری کوردستان، نموونەی قەرزکراوی ئەو دەسەڵاتە سیاسیانە بوون کە بەرهەمهێنەری ستەم و سەرکوت بوون بەرامبەر بە مرۆڤ، کە هەم لە ئایدیا و هزرە جیهانیەکان بۆ دەسەڵاتداریی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە، هەمیش بۆ ئەو ئایدئۆلۆژیانە بە کاریان هێناون و لە سەر کورد و کەمە نەتەوە و کەمە ئایینیەکانی ناوچەکە تاقی کراونەتەوە. ولاتە داگیرکارەکانی کوردستان سەرەڕای شۆڤینیزمی دەوڵەت — نەتەوە، نوێنەرایەتی دەمارگرژیی ئایینیش دەکەن کە کۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی پێوە گیرۆدە بووە،کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک ولات و نیشتمان یەکێک لەو ناوچە گرینگانە جیهان بووە کە هەموو هزر و ئایدیایەک سێبەری دەسەڵات و چاوچنۆکییەکانی خۆی لە سەر تاقی کردووەتەوە و تا هەنووکەش لە بن سێبەری ئەو هزر و ئایدئۆلۆژیانە دایە، هەر بۆیە سەدەی بیست، سەدەی بەرخۆدانی کورد بەرامبەر بە ستەم دژی مرۆڤایەتی بە گشتی بووە و چوودتە میژووی مرۆڤایەتییەوە.

بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نیوەی دووهەمی سەدەی بیست، قۆناغێکی گرینگی سیاسی بووە کە هزری نەتەوەیی تێیدا چەکەرەی کردووە و وەک ئەزموونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد چوودتە نێو لاپەڕەکانی میژووی کوردستان و ئێران، ئەو ئەزموونە گەرچی کورت ماوە بووە بەڵام خۆ سەلماندنێکی مرۆیی بوو کە بە نەتەوە و هێزە بالادەست و ولاتە زلهێز و جەمسەرەکانی جیهانی ڕاگەیاند کە بوونی هەیە و وجودی وەک پێکهاتەیەکی تایبەت و شوناسێکی جیاوازی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت و هەوڵی سڕینەوە و تواندنەوە یان شاردنەوەی و نکۆڵی لە وجوودی بکرێت، کۆماری کوردستان ولامدەرەوەی ئەو قۆناغە لە ژیانی کورد وەک نەتەوە بوو، گەرچی لە بن کاریگەریی جیهانی دووجەمسەری و ناکۆکیی ناوخۆیی کورد، جوگرافیایەکی زۆر کەمی لە دەستدا بوو بەڵام هەر ئەو پانتاییە کەمە کاریگەریی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسی ناوچەکە بە جێهێشت.

بۆ کارتێکردن لە سەر ئاسەواری هزری شوناسخوازیی کورد، دەسەڵاتی دەوڵەت-نەتەوە ئارکائیستخوازەکەی ئێران، هەوڵی گۆڕینی کلتوور و زمان و شوناسی کوردی لە ئێران داوە و بە دریژایی نیوەی دووهەمی سەدەی بیست و بە گۆڕینی ...

دریژەی لە ٥

ئەنجامی بەکارهێنانی هزر و هێزی دەسەڵاتداریتیی دوای شۆڕشی پیشەسازیی، چەندین شەڕی گەورەی جیهانی و ناوچەیی بوو کە چەخماخەی هەڵگیرسانی ئەو شەڕانە، هزر و فیکر و ئایدئۆلۆژیای تایبەت بە سەردەمی پیشەسازی و نوێگەرایی بوو کە کۆمەڵگە مرۆییەکانی تووشی چاوچنۆکیی کۆکردنەوەی کەرەستە و پارە کردبوو

بێرەوشتترین و قیزەونترین کلۆنیالیست و ئەمێریالیست بەشکردنێک کە لە ئاستی جیهانی کرا، پارچە کردنی کوردستان و دابەشکردنی لە سەر چەندین دەوڵەت-نەتەوەی ناوچەکە بوو